# جارێکی تر شەڕ بەردەرگامان پێدەگرێت

ئازاد موحەمەد

شەڕ کاول کاری و ماڵوێرانی لەگەڵ خۆیدا دێنێت، ، دەبێتە هۆی کۆست کەوتن و لەدەست دانی خۆشەویستانمان، ، شەڕ برینەکان سارێژ ناکات بەڵکو کێشەکان زیاتر ئاڵۆز شێواو تر دەکات، ، هەرگیز بەشەڕ ئامانجەکان بەدی ناهێنرێت بەڵکو دەبێتە مایەی برسێتی و ڕوتو ڕەجاڵی، ، دەبێت تابتوانرێت شەڕ دواین ئەلتەرناتیف بێت، ، کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، ، پەڕەکانی مێژوو هەڵدەرەوە بەهەزاران شەڕ و کۆمەڵ کوژی و کوشتن و بڕینت بەرچاو دەکەوێت کە هیچ یان بۆ ماوەیەکی کورت خایەن نەبوبێت نەتوانراوە خواستەکانی پێ مەیسەر بکرێت، ، مێژوو ئیمبراتۆریەتی کۆیلایەتی ڕۆما، ، جیهادی ئیسلامەکان، ، جەنگیز خان، ، هۆلاکۆ، ، ئیمبراتۆریەتی عوسمانلی، ، هیتلەر و مۆسۆلۆنی و تادەگاتە ئەتاتورك و سەدام حوسەین، ، مان نیشان دەدات کە تاکو ناوقەدیان لە کوشت وبڕو لەخوێنی گەلانی مەزلۆم دا سوور بوو دوایش شکست و مایەپوچ دەرچوون و بەڵکو چەندین یان نەك بەشەڕ ئاواتەکانیان نەهاتەدی بەڵکو شەڕ بووە هۆی ئەوەی سەری خۆی بخوات، ، هەمیشە قازانجی ئۆلیگارشیزم شکستە، ، بەڵێ گەلی کورد چەندین ساڵە لە بارودۆخی شەڕدا ژیان دەگوزەرێنێت، ، ، لەبەر ئەوەی هەمیشە ژێردەست بوە و خاکەکەی بەدەست بێگانەوە بوە و شەڕی بەسەردا سەپێنراوە بەزۆر ناچاری شەڕکراوە من کەلە دایك بووم بەدەنگی تۆپ و بۆردومانی فڕۆکە گوێم کراوەتەوە، ، گەلی کورد گەلێکی ئاشتی خوازە و هەمووکات دژی ئەو شەڕە بووە کەبەسەریدا سەپێنراوە و هەمووکات هەوڵی دیالۆگ و دانوسانی داوە لەگەڵ دوژمنەکەی و نەیخواستوە ناچاری شەڕ بکرێت بەڵام ئەوەش ڕاستیەکە کەپێویستە ئاماژەی پێبکەین کە کەگەلی کورد هەمیشە زوڵم و ستەمی پەسەند نەکردوە و نایکات بەناوبانگی قارەمانی خۆی هەردەم بەرامبەر ئەو زۆرداریەی لێکراوە خۆڕاگری و بەرخۆدانی نیشان داوە و بێدەنگ نەبووە مێژوو نمونەی هەزاران قارەمانێتی کچ و کوڕی کوردی لە پێناو ئازادی گەل و وڵاتەکەیدا تۆمار کردوە، ، کورد تاکو ئێستا دەست درێژی کراوەتە سەر و دەست درێژی نەکردۆتەسەرکەس، ، ئەگەر سەیری بزوتنەوە کوردیەکان بکەین دەبینین کەئەگەر توشی شکستێك هاتبێتن دیسان سەنگەری شۆڕش و بەرگریان بەجێ نەهێشتوە و لە ڕەوتی خەبات دانەبڕاون، ، من لێردا دەمەوێت ئاماژە بەم گۆڕانکاریانەی ئەم دواییەی سەر گۆڕەپانی کوردستان بکەم بەتایبەتی باکوری کوردستان، ، کە ماوەی 15 ساڵ کورد لەو پارچەیەدا بەرێبەری ( پارتی کرێکارانی کوردستان) شەڕی چەکداری کرد و لەم ماوەیەدا چەند جار پارتی کرێکارانی کوردستان تاك لایەن ئاگربەستی ڕاگەیاند و داوای دیالۆگی لە حکومەتی تورکیا کرد خواستی لەڕێی دانوسانەوە کێشەکان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لە چوارچێوەی پرۆسەی دیموکراتی دا چارەسەر بکات ئەمەش هەڵوێستی ئاشتی خوازانەی گەلی کوردی نیشاندەدا و پابەندبوونی هەمیشەی ئەو پارتە بە ئاشتی و ڕێگا چارەی سیاسی نیشان مان دەدات، ، بەڵکو ئەو ماوەیەش پەکەکە شەڕی پاراستی ڕەوای کردوە، ، بەڵام بەپێچەوانەی خواستی گەلی کورد بانگەوازیەکانی پەکەکە حکومەتی تورکیا بە ئاگر و ئاسن وەڵامی داوەتەوە و هیچ هەنگاوێکی پۆزەتیفی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان نەناوە، ، بازرگانانی شەڕ خواستویانە هەمیشە کورەی شەڕ گەرم بێت تاکو لەسەر خوێنی گەلانی کورد و تورك بژین و سەرمایە کەڵەکە بکەن، ، لەساڵی 1999وە قۆناغی ئاشتی لەلایەن پەکەکەوە دەستی پێکرد و ئەوە ماوەی چوار ساڵە بەفەرمی لەلایەن سەرۆکی گشتی کادەك، ، پەکەکەی پێشوو بەرێز، ، عەبدوڵا ئۆجەلان، ، پرۆسەی ئاشتی بەرێوە دەچێت، ، بەڵام تورکیا دیسان وەك ڕەفتاری هەمیشەی زمانی شەڕ و کوشت و بڕی هەڵبژاردوە و لەم ماوەیەدا ئاشکرا و نهێنی لەڕێی دەست و هاوپەیمانەکانی چەندین کەسایەتی کورد و بگرە تورکی دیموکرات و ئاشتی خوازی تیرۆر کردوە یاخود گرتووە و لەکونجی بەندینخانەکانی توند کردوەو، ، چەندین جارئۆپەراسیۆنی دژی گەل و گەریلا ئەنجام داوە، ، تاگەیشتە ئەوەی لەمانگی دیسەمبەری ساڵی 2001 دا تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی خوێناوی کردە سەر گیراوە کورد وتورکەکان لە بەندینخانەی، ، بەیرام پاشا و ئومرانیە و ئەنکەرە، ، لە تورکیا لە پای ئەوەی زیندانیەکان دژ بە ژووری تاکە کەسی واتە، ، انفرادی، ، دەستیان بەمانگرتن کردبوو لە ئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنەدا 19 زیندانی ژیانیان لەدەست داو بەسەدانی تریش بریندابوون، ، هەرلەو ساتەوە تاکو ئەمڕۆ زیندانیەکان مانگرتنی سەرتاسەریان ڕاگەیاندوە و تاکو ئەمڕۆ زیاتر لە سەد کەس لە مانگرتن دا ژیانیان لەدەست داوە و تورکیاش

وەك ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت تاکو ئێستا بێدەنگە و بێ خەم وەڵامی داخوازی مانگرتوان ناداتەوە کەتاکو ئێستاش لە چالاکیەکەیان بەردەوامن، ، بەڵێ تورکیا لەم ماوەی چوار ساڵەدا تەنها هەنگاوێکی بەرەو ئاشتی و دیموکراتیزەبوونی تورکیا نەناوە کەلە کاتێك دا لەم بارودۆخەی ئێستایدا و بەم شێوەیە خوازیارە ببێتە ئەندامی هەمیشەی یەکێتی ئەوروپا، ، کادەك لەم ماوەی چوارساڵەی دوایەدا لە هەرکات بەهێزتر و بەتواناتر بووە هەمیشە سوربووە لەسەر چارەسەری ئاشتیانەوە نەیخواستوە قۆناغی ئاشتی بەرە و شەڕ وەرچەرخێت، ، بەڵام وەڵامە نێگەتیفە یەك لە دوای یەکەکانی تورکیا وا دەکات کە گەلی کورد ناچار بکات دەست بداتە چەك و شەڕی بەرگری و پاراستنی ڕەوا بکاتە بابەتی گفتوگۆ، ، تورکیا دەخوازێت هەل لە پێشهاد و ڕوداوەکانی ناوچەبدینێت و بە شەڕ لەناو بردن ئامانجەکانی بپێکێت، ، ئەوە ماوەی 11 هەفتەیە سەرۆکی کادەك بەڕێز، ، عەبدوڵا ئۆجەلان، ، یان گۆشەگیر کردووە و ڕێگای پێنادەن دیدار لەگەڵ پارێزەر و کەس و کاریدا ئەنجام بدات ئەمەش بوتەهۆی کاردانەوەی توندی خەڵك دژبەو سیاسەتە و ڕاگەیاندنی چالاکی وەك ڕێپێوان و مانگرتن و بەسەر کردنەوەی دام و دەزگا دیموکرات و مرۆڤ دۆستەکان، ، دوێنێ دواین بەروار بوو کە کادەك، ، بۆ تورکیای دانابوو کە دەست بەرداری سیاسەتی گۆشەگیری و پیلانەکانی بێت لەسەر سەرۆکی کادەك و گەلی کورد و ڕێگا بدرێت بەڕێز، ، ئۆجەلان، ، چاوی بەپارێزە و کەس و کاری بکەوێت، ، بەڵام وەکو ڕەوشتی هەموو جارێك یان ئەمجارەش بەبیانوی نالەباری ئاو و هەوا کۆسپ خرایە بەر ئەنجامدانی دیدارەکان، ، بۆیە سەرکردایەتی کادەك دوێنێ لەبەیان نامەیەکی دا ڕانگەیاند، ، کە مافی پاراستنی ڕەوا بەکار دەهێنن و بەرپرسیارێکی شەڕێکی نوێ لە ئەستۆی ئەو هێزانەدایە کە ئەو سیاسەتە بەڕێوەدەبەن، ، بۆیە گەلی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان پێویستە ئەمڕۆ لە هەرڕۆژێك زیاتر بەهەستیاری لەبارودۆخەکە بڕاوانن ڕێگا نەدەن تورکیا سیاسەتە گڵاوەکانی خۆیان لە باکور و باشووری کوردستان بەئامانج بگەیەنێت، ، لەسەر تەواوی سەرکردە و پارتەکانی تری کوردستانیش بەهەمان شێوە پێویستە چاوێك بەسیاسەتیاندا بخشێننەوە و هەڵوێستی خۆیان لەبەرامبەر ئەو سیاسەت و پلانەی تورکیا ئاشکرابکەن کەلە بەرامبەر کورد بەڕێوەی دەبات و دەخوازێت ئەو ئەزمونەی لەباشوری کوردستان لە ئەنجامی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردەوە بەدەست خراوە بەبیانوی ئۆپەراسیۆنی سەر عێراق لەبەین بەرێت و ڕێگای پێنەدرێت کە (قوبرس) ێکی تر لەباشووری کوردستان دروست بکات ئەمڕۆ بێدەنگی لەبەرامبەر ئەو پیلانانە تاوانە. . . . .

ئەڵمانیا- هانۆڤەر

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15

www.kurdistannet.org کوردستان نێت